فەلسەفەی جۆن ستیوارت میل، ولیەم جیمز و دێوی

لە ئینگلیزییەوە: سەعید کاکی
(سەقز)

پێشەکی

ئەم وتارە لە دوو بەش پێکهاتووە و لە کتێبی تێگەیشتن لە فەلسەفە وەرگیردراوە. کتێبەکە، لە سێ بەرگ پێکهاتووە و ئێمە بەرگی سێیەمی کتێبەکە، واتە بەشی فەلسەفەی پراگماتیزم و فەلسەفەی ستیوارت میل-مان وەرگێڕاوە، چونکە زیاتر کارکردی هەیە و سوودی زیاتری بۆ کەسانێک هەیە لە بواری فەلسەفە و پەروەردە ئیش دەکەن.

فەلسەفەی ستیوارت میل

جۆن ستیوارت میل لە ساڵی (١٨٠٦ - ١٨٧٣) لە شاری لەندەن لە دایکبووە. باوکی واتە جیمز میل، لەو سەردەمەدا فەیلەسووفێکی بەناوبانگ و لایەنگری جێمری بێنتام بوو. بەپێی پلانێک بۆ ستیوارت میلی دارشتبوو، لە پێشدا دەبێت فێری زمانی یۆنانی بکرێت، بۆیە لە تەمەنی سێ ساڵی فێری زمانی یۆنانی دەبێت و لە تەمەنی هەشت ساڵی زمانی لاتینی فێر دەبێت. کاتێک میل تەمەنی دەگاتە دە ساڵ، زۆربەی بەرهەمەکانی ئەفلاتوونی خوێندبووەوە. هەموو بەیانییەک ستیوارت میل و باوکی بۆ پیاسە دەچوونە دەرەوە و دواتر باوکی لەبارەی ئەو بابەتانەی کوڕەکەی ڕۆژی پێشتر خوێندبووی پرسیاری لێ دەکرد. بە هۆی

ئـەم جـۆرە پـەروەردە قورسـەوە سـتیوارت میـل وتبـووی؛ چارەکـە سـەدەیەک لـە هاوپۆلەکانـی لەپێشـتر بـوو، بـەڵام بـە حەسـرەتەوە دەیـوت (مـن تەمەنـی منداڵیـم تێنەپەڕانـد). سـتیوارت میـل لـە تەمەنـی (٢٥) سـاڵی لەگـەڵ هەریـت تەیلـۆر ژیانـی هاوسـەرگیری پێـک دەهێنێـت و کاریگـەری قـووڵ لەسـەر میـل دادەنێـت و ڕوانگـە ڕزگاریخوازانەکانـی لەبـواری مافـی ژنـان دانابـوو. میـل لەبـواری کێشـە تیۆریکـی و زانسـتییەکان دەینووسـی و تەیلـۆری خێزانـی لەبـارەی لایەنـە مرۆییەکانـەوە دەینووسـی. لـە دوای مردنـی خێزانەکـەی، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئینگلیـز و لەسـاڵی ١٨٦٥ بـۆ نوێنـەری پەرلەمـان هەڵدەبژێردرێـت و بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـی ژنـان لـە پەرلەمـان هەوڵـی خـۆی دەدات و دەچێتـە ڕیـزی ئـەو کەسـانەی بەرگـری لـە دەنگدانـی ژنـان دەکات و بەرگـری لـە مافـی ڕەشپێسـتەکان دەکات.

قازانجخوازیی میل

سـتیوارت میـل دەیویسـت بەرگـری لـە بنەمـای قازانجخـوازی بـکات، بـەڵام بۆچوونەکانـی خـۆی لـە جێرمـی بێنتـام جیـا دەکاتـەوە و وتبـووی چێـژەکان لەلایەنـی چۆنێتـی، یـان ئەندازەوە لێـک جیـاوازن، ئەمـەش بووبـووە هـۆی دڵنیگەرانـی میـل. بێنتـام وتبـووی، دەرزیلـەی گەمـە هێنـدە بەهـای هەیـە هونـەرەکان و زانسـتەکان و مۆسـیقا و شـیعر هەیانـە، بۆیـە ئەگـەر ئـەم گەمەیـە بـە هونـەر، یـان شـیعر بـەراورد بکرێـت، چێـژی زیاتـر بـە کەسـەکە دەدات و بەهادارترێکـە، بـەڵام میـل ئەمـەی پەسـەند نەدەکرد جیـاوازی نێوان کردەیەک و کردەیەکـی تـر ڕادەی چێـژێکـە ئێمـە دەسـتەبەری دەکەیـن. میـل لـە ژیانـی خۆیـدا تێگەیشـتبوو تـەواوی چێـژەکان یەکسـان نیـن. میـل، چۆنایەتـی چێـژی لەبەرچـاو بـوو، بۆنموونـە مرۆڤبـوون لـە خۆیدا چێژێکـی چۆنایەتـی هەیـە، سـەرتره لەهـەر چێژێکـی چەندایەتـی ئاژەڵـی وەکـوو بەراز و مشـک و بـۆق دەیناسـن. میـل وتەیەکـی بەناوبانگـی هەیـە (باشـترواید مـرۆڤ بیـت و نـاڕازی، نـەک بـەراز بیـت و ڕازی).

(کەمتـر مرۆڤێـک ڕازی دەبێـت مـوژدەی ژیانێکـی پـڕ لـە چێـژی ئاژەڵـی پـێ بدرێـت، بـۆ ئـەوەی ببێـت بـە بوونەوەرێکـی دواکەوتـوو، مرۆڤـی زیـرەک ناکەوێتـە داوی گەمژەیـی و کەسـی ڕاهێنـراو لایەنگـری لـە نەزانـی نـاکات. کەسـێکە سـۆز و ویژدانـی هەیـە نابێتـە خۆپەرسـت، تەنانـەت ئەگەریـش ڕازی بکرێـت، گەمـژە و نـەزان ڕازیـن بـە بەختـی خۆیـان، باشـترواید سـوکراتێکی ڕازی بێـت، نـەک ئـەوەی کـە، گەمژەیـەک بیـت و ڕازی. ئەگـەر گەمـژە، یـان بـەراز، باوەڕی تریـان هەیـە، بـۆ ئەوەیـە تەنیـا کێشـەکانی خۆیـان دەناسـن، بـەڵام گرووپەکـەی تـر بەبـەراورد لەگـەڵ کێشـەکانی هـەردوولا دەناسـن).

هەرچەنـدە چۆنایەتـی ناپێورێـت، بـەڵام دەزانیـن جۆرێـک لـە چێـژ لـە چۆنایەتیـدا هەیـە، پێـش ئـەوی تـر دەکەوێـت، کەواتـە باشتریشـە. میـل لەڕێگـەی گەڵاڵـەی ئـەم بۆچوونە لـەلای مرۆڤەکان، چۆنایەتـی چێـژ پەسـەندکراوتر لـە چەندایەتییـە، دژی بـاوەڕی بێنتـام دەوەسـتێتەوە.

فەلسەفەی ئاکار

بێنتـام لای وابـوو ئێمـە دەبێـت کردارێـک هەڵبژێریـن زیاتریـن ڕادەی چێـژ بـۆ ئێمـە دەسـتەبەر بـکات و یەکێـک لـەم کردەوانـە، یارمەتیدانـی کەسـانی تـرە. میـل کـۆک بـوو لەسـەر ئـەوەی کـە یارمەتیدانـی کەسـانی تـر بـۆ ئێمـە چێژبەخشـە، چونکـە چۆنایەتـی مرۆڤدۆسـتی، یـان خولیـای

ماندوونەناسانە بۆ بەختەوەری کەسانی تری لەخۆیدا هەڵگرتووە. بەبۆچوونی میل مرۆڤدۆستی، جەخت لە یاسای زۆرینە دەکات (لەگەڵ کەسانی تر وەها هەڵسوکەوت بکە، دەتەوێ لەگەڵت هەڵسوکەوت بکەن). میل لای وایە، لایەنگری ئیمە لە، یەکگرتوویی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانمان یارمەتیدەری پێشخستنی شارستانیەتەکان بووە. کاتێک هەڵسوکەوتمان مرۆڤدۆستانەیە، زیاترین پادەی بەختەوەری، بۆ زیاترین ژمارەی خەڵکی دەوێت.

پەروەردە

بەبۆچوونی میل، پەروەردە گرنگییەکی لە پادەبەدەری هەیە. پەروەردە شارەزاییەکە بۆ ژیانی تەندروست و شەرافەتمەندانە، پێویستیمانە فێرمانی دەکات. میل لای وابوو، هاوڵاتییەکان نییەتی پاکیان هەیە، لەڕێگەی پەروەردەوە هەژاری لەناو دەبەن و ئازارەکان کەم دەکەنەوە، ئەوانە خەڵکانێکن بەهرەی مالیان هەیە، بۆ یارمەتیدانی هەژارەکان بەبەراورد لەگەڵ خۆپەرستەکان (بێجگە لە خۆیان بیر لە کەس ناکەنەوە) بەختەوەری زیاتریان هەیە.

میل لای وایە (خەڵکانێکن تاپادەیەک باری داراییان باشە، کاتێک لە ژیانی خۆیاندا چێژ وەرناگرن، هۆکارەکەی بۆ ئەوەیە، بێجگە لە خۆیان بیر لە کەسی تر ناکەنەوە). بەبۆچوونی میل ئازادی دەربڕین بێسنوورە و لای وایە بۆ زیاترکردنی چاکە بۆ ژمارەیەکی زیاتری خەڵک، هاوڵاتی دەبێت ئازاد بێت بۆ ئەوەی ڕەخنە لە حکوومەت بگرێت، بۆ ئەوەی شێوازی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت و چۆن حەزی لێیە خوای خۆی بپەرستێت. میل لای وایە (ئازادی مرۆڤ، ئەم ئازادییە لە قۆناغی یەکەمدا پێکهاتووە لە سنووری ناوەکی ئاگامەندی، پێویستی بە ئازادی ویژدان بە بێ کەم و کورتی، ئازادی لە بیرکردنەوە و هەست، ئازادی ڕەها لە هەڵوێست و باوەڕ بە تەواوی بابەتەکان، ئازادی کردە، یان تیۆری، ئاکار، یان خواناسی هەیە.... دووەم ئەوەی کە، ئەم بنەمایە پێویستی بە ئازادی تاکەکەسی لە زەوق و بەرنامەی ژیاندا هەیە. ئازادی پێکهێنانی ژیانمان بەشێوەیەکە لەگەڵ کەسایەتیمان بگونجێت. ئازادی لە جێبەجێکردنی ئەوەی حەزمان لێیە بەو مەرجەی کەوا ئەوەی جێبەجێی دەکەین، زیان بە هاوڕەگەزەکانمان نەگەیەنێت و لەمپەرێک لەلایەن ئەوانەوە بەسەر ئیمەدا نەسەپێنرێت. میل بەڵگە دەهێنێتەوە و دەڵێ ئیمە دەبێت بیرکردنەوەکانی خۆمان سەربەستانە دەربڕین. ئەگەر هیچ کات ڕەخنە لە باوەڕی کەسانی تر، بەتایبەتی حکوومەت و دامەزراوە ئایینییەکان نەگرین، خۆمان دەکەین بە ژێردەستەی خاوەن دەسەڵاتەکان (ئایینی، یان سیاسی). کاتێک ئەمە ڕوو بدات، جەماوەر وەک یەکیان لێ دێت (هاوڕەنگن).

مافی ژنان

میل لایەنگری توندی مافی ژنان بوو و باوەڕی وابوو، هەر دوو ڕەگەزەکە دەبێت لە پرۆسەی سیاسیدا کاریگەرییان هەبێت. میل و هاریت تەیلۆر، دژی یاسای ئەو سەردەمی ئینگلیز وەستانەوە بێوەژنەکانیان لە مافی سەرلەنوێی سامان بێبەری کردبوو، هەروەها دژی ئەوە بوون تەواوی ملک و مالی ژن، بەتایبەتی منداڵەکانی بۆ مێردەکەی بوو. ئەگەر مێردی ژنەکە بمردایە، ژن مافی نەبوو سەرپەرشتی منداڵەکان لە ئەستۆ بگرێت. ئەگەر ژنێک بە هەر هۆکارێک مێردەکەی جێی بهێشتایە، مافی

نەبوو شتێک لەگەڵ خۆی ببات، تەنانەت منداڵەکانیشی. هەرکات مێردەکەی حەزی لێ بووایە دەیتوانی بیگەڕێنێتەوە، چونکە باوەڕیان وابوو، ژنان بێ ئەقڵن (کولتووری هەموو ئایینێک وایە)، مافی دەنگدانیان نییە، مافی ئەوەشیان نییە ببنە نوێنەر لە پەرلەمان. ژنان بە چاوی سووک سەیر دەکران، وەها ڕاهێنرابوون باشترین فەزیلەت، گوێڕایەڵی لەبەرانبەر پیاوەکانیاندا بوو. پیاوەکان باشترین ئیش بۆ ژنانیان لە کاری ناو ماڵدا دەبینییەوە، بەڵام فەیلەسووفێکی وەکوو میل و تەیلۆر لایان وابوو، ژنان دەبێت سەربەخۆ و ئازاد بن بۆ ئەوەی خۆیان بڕیار بدەن و مافی خوێندنیان هەبێت. کۆمەڵگە دەبێت ژنان وەکوو کەسانی سەربەخۆ چاو لێ بکات و بوونی ئەوان گرێ نەدات بە خزمایەتی لەگەڵ پیاوەکانیان و پیاوەکان دەبێت واز لە پێناسەی سروشتی ژن بۆ ژن بهێنن.

فەلسەفەی پراگماتیزمی ئەمریکی (جیمز و دێوی)

(بەپێی ڕێساکانی ئێمە، هیچ کام لە داتا بەڵگەنەویستەکان و تیۆرییەکان کەڵکیان نییە و باوەڕی پێ ناکەین).

ولیەم جیمز

لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەم، فەیلەسووفەکان بۆ دەستەبەرکردنی زانستێک لە ڕێگەی ڕاستێتییە ئاکامەکییەکانەوە، ئیدی پشت بە فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست، یان مودێرین نابەستن. لەگەڵ ئەوەش ئەوان لایان وابوو، سیستمێک بۆ زانستی ئاکار لەئارادا نییە و لە کۆتاییدا، فەلسەفەی هاوچەرخ، پێوەندی خۆیان لەگەڵ باوەڕی مەسیحی و جوو بۆ هەبوونی خوڵقێنەرێکی زیرەک و توانایی ڕەها و پیرۆزی جیهان پچڕاندووە. باوەڕ بە زەین، یان ویستی ڕەها، یان هەر شتێکی ڕەهای تر لە لای زۆربەی فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەم شتێکی نامۆ بوو. بەشێک لە گۆڕانکاری لە تێڕوانینە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم بە هۆی دەستکەوتە نوێیەکانی زانستەوە بوو. ماکس پلانک تیۆری کوانتەم و ئەنشتاین تیۆری ڕێژەییان لە فیزیادا پێشکەش کرد. هەر دوو تیۆرییەکە لەسەر ئەوە کۆک بوون زانستی عەینی و دڵنیا نامسۆگەرە.

یەکەمین جەنگی جیهانی

یەکەمین جەنگی جیهانی (١٩١٤ -١٩١٨) ڕووداوێکی تر بوو و بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گرنگ لە فەلسەفە و کۆمەڵناسی، ئەمەش وایکرد، ئەورووپییەکان و ئەمریکییەکان بەر لە جەنگ، خۆیان بۆ پێشکەوتنی ئابووری و تەکنۆلۆجی دڵخۆش بکەن. بەهۆی کوژران و بریندارببوونی پتر لە ٤٠ ملوێن مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان، ترس و تۆقینی جەنگ دڵخۆشی نەما. نزیکەی ١٠ ملوێن مرۆڤ کوژران و زۆربەی قوربانییەکان بەهۆی چەکە کاولکەرەکان تێداچوون. بۆ زۆربەیان ناخۆشتر ئەوەبوو، خەڵکانیان لە نەتەوە جیاجیاکان لە سەرکەوتنەکانی خۆیان لە خوا دەپاڕانەوە (هاوشێوەی ئیسلامییەکان). لە پاش جەنگ، جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیتاپەیتا کەمتری کرد و کۆمەڵگەکان دیموکراتیکتر بوون. چینی سەرەوەی کۆمەڵگە دەسەڵاتیان لە کیس دا، چونکە سەربازەکان لە هەموو چینەکان لە سەنگەرێکی یەکەدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک مەترسی و ترس بوونەوە. ئێستاکە کەسانێکن لە ڕێگەی

ولاتی خۆیان تووشی ڕەنج و مەینەتی ببوونەوە، داوای بەشداری بۆ بەڕێوەبردنی ولاتیان دەکرد. کاتێک داواکاری بۆ گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ڕووی لە زیادبوون کرد، دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژاوا، تاقیکردنەوەی بیرۆکە سۆسیالیستییەکانیان لە ناو سستمی سەرمایەداریدا بەکارهێنا. خەڵکی داوای تەندروستی جەماوەری و ڕێگەوبان و فڕۆکەخانە و ئاسایشی کۆمەڵایەتییان لە دەوڵەت دەکرد. کرێکارەکان بۆ ئەوەی ڕۆڵی زیاتر لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان دەستەبەر بکەن، دامەزراوەی کرێکارییان پێکهێنا و بۆ بەرگری خۆیان دژ بە هەلومەرجی نادادپەروەرانە بەرگریان لەخۆیان دەکرد. هەندێک لەم گۆڕانکارییانە لە سستمی سەرمایەداریدا، تەنگژەی گەورەی ئابووری لە ساڵەکانی ١٩٣٠ لێکەوتەوە، ئەمەش بە نۆبەی خۆی بووە هۆی دەرهەڵدانی دووەمین جەنگی جیهانی.

دووەمین جەنگی جیهانی

لە ساڵی (١٩٣٩-١٩٤٥) دووەمین جەنگی جیهانیی بەهۆی هێرشی هیتلر بۆ سەر هۆڵەندا دەستی پێ کرد. لە ماوەیەکی کورتی ئەم دەستدرێژییە بۆ سەر هۆڵەندا، بریتانیای گەورە و فڕەنسا جەنگیان دژ بە ئاڵمان ڕاگەیاند. بۆ چەندان ساڵ جەنگ خەڵکانێکی زۆری بە کوشتن دا، لەناوچوونی سامانی خەڵک و لەناوچوونی ژیانی زۆرینەی خەڵک زیاتر لە جەنگەکانی پێشوو بوو. ژمارەی قوربانییەکانی ئەم جەنگە ٧٢ ملوێن کەسی لە جیهاندا تێپەڕاند و ئەم ژمارەیە مردن بە هۆی قاتیوقڕی و نەخۆشی لەخۆ گرتبوو. جەنگ، ئەوروپای کرد بە کەلاوە و لە کیسچوونی بیرکردنەوە، ئابووری و سەربازی ئەوروپای لێکەوتەوە، بەڵام لە هەناوی ئەم وێرانە و کاولکارییانەدا، جیهانێکی نوێ سەری هەڵدا، جیهانێکە تێیدا جیاوازییە چینایەتییەکان پەیتاپەیتا کاڵتر دەبوونەوە و تەکنۆلۆجی کاریگەری لەسەر ژیانی هەموو کەسێک دانابوو. زانیاری و سەرقاڵی تاڕادەیەک لە سەرتاسەری جیهان لەبەردەستی هاوواڵتییە ئاسایی و مامناوەندییەکاندا بوو. جۆرێک لە کولتووری جەماوەری لەناو کۆمەڵانی خەڵک برەوی پەیدا کرد و بووە هۆی دابەزینی ستانداردەکانی ئەدەبیات، مۆسیقا و هونەر. بەگشتی کۆمەڵانی خەڵک هێندە هۆگری هونەر و فەلسەفە نەبوون، یان بەگشتی حەزیان لەو بوارانە نەبوو. کەسانی مامناوەندی کە پارە و کاتی کەمیان لەبەردەستدا بوو، حەزیان لێ نەبوو بۆ هونەر و فەلسەفەی تەرخان بکەن. هونەر، ئەدەبیات و مۆسیقا تایبەت بەو کەسانە بوون خۆیان لە کۆمەڵانی خەڵک بەدوور دەگرت. فەیلەسووفە ئەوروپییەکان ئیدی بۆ خوێنەرە ڕووناکبیرەکانیان نەدەنووسی، بەڵکوو بۆ فەیلەسووفەکانی تر دەیاننووسی. ئاسۆی ڕوانینیان تەسکتر دەبوو و پتر لە بابەتە دیاریکراو و شیکاریترەکان، دەیاننووسی. ئەمریکییەکان لە ئەقڵی باودا، بیرکردنەوەیان لە ڕێبازی فەلسەفەیەکی کردەکی بەناوی پراگماتیزمدا ڕەگوڕیشەی داکوتابوو. ئەم فەلسەفەیە بەرەوڕووی مەترسییەکانی دوو جەنگی جیهانیی و دۆخی نالەباری ئابووری بووەوە و گەشەی کرد، تەنانەت ئەمڕۆکە ئەمریکا ولاتێکی پراگمایی، یان کردەخواز دەناسرێت.

پراگماتیزم

پراگماتیزم، فەلسەفەیەکی تایبەت بە ئەمریکییەکان بوو و لە دوای سەدەی نۆزدە گەشەی کرد. پراگماتیزم لای وایە، باوەڕ کاتێک قازانجی هەیە بەکردەوە خۆی

پیشان بدات. فەیلەسووفە پراگماتیستەکان تەواوی بیرکردنەوەیەکە بەهای کردەکی نەبووایە وەلایان دەنا. دوو کەس لە پێشەنگەکانی ئەم سەردەمە نوێیە، ولیەم جیمز و جۆن دێوی بوو، یەکەمیان فەلسەفەی نوێی باو کرد و دووەمیان فەلسەفەی پراگماتیزمی هێنایە ناو خوێندنگە ئەمریکییەکان، هەرچەندە جیمز و دێوی هاوسەردەم بوون، بەڵام هەرکامیان نوێنەرایەتی جۆرێکی جیاواز لە پراگماتیزمیان دەکرد. جیمز هۆگری دەروونزانی و ئاییین بوو، بەڵام دێوی لەسەر ئاکار و لایەنی کۆمەڵایەتی کاری دەکرد. هەردووکیان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە پاستەقینە شتێکە بۆ ئێمە دەرەنجامی هەبێت و بۆ کۆمەڵگە قازانجی هەبێت. پراگماتیستەکان بەپێچەوانەی یۆنانییەکان، بەتایبەتی سوکرات و ئەفلاتوون، باوەڕیان بە پاستەقینەیەکی نەگۆڕی ڕەها نەبوو، لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێکدا کەڵکی هەبێت.

ولیەم جیمز

ئامانجی پراگماتیستەکان گرێدانی کەلێنی نێوان ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی بیرکردنەوەی پێشوو، بەتایبەتی ئەزموونخوازی و ئەقڵخوازی نەریتی و ئایدیالیستەکان بوو. بۆنموونە، ئەزموونخوازەکان بەپێی بنەمای تیۆری پەرەسەندنی چارڵز داروین، مرۆڤیان وەکوو بەشێک لە پرۆسەی ژینگەناسی دەزانی، واتە مانەوەی باشترینەکان. لایەنگرانی پەرەسەندن لەسەر ئەو باوەڕە بوون، مرۆڤەکان بەشێک لە پرۆسەی میکانیکی سروشت پێک دەهێنن و لە دۆخێکدا نین یارمەتی ئاراستەی ڕێگەی مێژوو بدەن. ئەقڵخوازەکان و ئایدیالیستەکانی وەکوو ڕینێ دیکارت، ئیمانوێیل کانت و هیگڵ، چییەتی مرۆڤیان لە ڕوانگەیەکی دژەوە چاو لێ دەکرد. ولیەم جیمزی پراگماتیست وتبووی، ئەزموونخوازەکان و ئەقڵخوازەکان بەهۆی خوو و ڕەوشتیانەوە لەگەڵ یەکتر ناکۆکن. ئەقڵخوازەکان نەرمونیانن و ئەزموونخوازەکان خوویان وشکە. جیمز ناکۆکی نێوانیانی لە خشتەیەک داناوە.

ئەزموونخوازە خوونەرمەکان	ئەقڵخوازە خووشکەکان
داتا بەڵگەنەویستەکان	تیۆرییەکان و بنەماکان
باوەڕ بە هەستکراوەکان	ئەقڵخواز
ماتەرخواز	ئایدیالیست
ڕەشبین	گەشبین
بێ دین	دیندار
ناچاری	لایەنگری ئیختیار
فرەخواز	یەکەخواز
گومانکار	دوگم

خوو وشکەکان بەپێی باوەڕی جیمز، خوونەرمەکان بە کەسانی (هەستیار و گەمژە) دەزانن و خوونەرمەکان، خوو وشکەکان وەکوو کەسانی دڵڕەق و ئاژەڵخوو چاو لێ دەکەن. جیمز لای وابوو، زۆربەی ئێمە تایبەتمەندی ئەرێنی هەردوو گرووپەکەمان خۆش دەوێت

ژیانیی جیمز

ولیەم جیمز (١٨٤٢ - ١٩١٠) لە شاری نیۆیۆرکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ڕووناکبیر لە دایک بوو. ولیەم و برا بچووکەکەی هێنری لە لایەن باوکیانەوە نێردرانە خوێندنگەکانی کەرتی تایبەت لە ئەوروپا، چونکە باوکیان لای وابوو، سستمی خوێندنی ئەمریکا بەکار نایەت. هێنری جیمزی برای بوو بە ڕۆمانتووسێکی بەناوبانگ، بەڵام ولیەم جیمز تواناییەکانی لە زۆربەی لقەکانی وەکوو هونەر، کیمیا، فیزیۆلۆجی.. تاقی کردەوە، بەڵام دوای ماوەیەک تووشی

خەمۆکی بوو و بۆ خۆیندنی پزیشکی چووە زانکۆی هارڤارد، بەڵام لەبری پزیشکی بوو بە هۆگری دەروونزانی و فەلسەفە، دواتر تەواوی ژیانی خۆی بۆ فەلسەفە لە زانکۆی هارڤارد تەرخان کرد، دواتر بەیارمەتی خێزانەکەی کتێبی بنەماکانی دەروونزانی لە دوو بەرگدا بڵاوکردەوە.

میتۆدی پراگماتیک

چەمکی پراگماتیزم لە وشەی یۆنانی پراگما وەرگیراوە و واتای (کردە) دەگەیەنێت، کەواتە پراگماتیزم لێکۆڵینەوە لە واتای کردەکی باوەڕ و ڕووداوەکان و ژیانە. پراگماتیستەکان، ئەقڵخوازی وەکوو بیرێکی دوگم ڕەت دەکەنەوە و لایان وایە، هەر شتێک لە ژیاندا کارکردی نەبێت، دەبێت ڕەت بکرێتەوە. بۆنموونە ئەگەر مشتومڕ لەبارەی خوا هاتە ئاراوە ئایا خوا هەیە، یان نا پراگماتیستەکان وەڵامی یەکلاکەرەوەیان نییە، بەڵکوو لایان وایە ئایا باوەڕ بە خوا بەکاری ژیانی ئێوە دێت، یان نا؟

میتۆدی پراگماتیک لە یەکەم هەنگاودا ئەوەیە، بۆ چارەسەری مشتومڕە میتافیزیکییەکان ماندوکەرانە بێت. ئایا جیهان یەکەیە، یان فرەیە؟ ناچاری هەیە، یان ئیختیار؟ جیهان ماتریالە، یان ڕۆحییە؟ مشتومڕ لەسەر ئەم پرسیارانە کۆتایی پێ نایەت، چونکە هەر کەسەو بەپێی باوەڕی خۆی لایەنێک هەڵدەبژێرێت و ئەوی تر لە بیر دەکات. باوەڕ و بیرکردنەوەکان بە کردەوە قازانجی هەیە، یان نا. پراگماتیستەکان بەدڵنیاییەوە و بۆ هەمیشە پشت لە خوو و نەریتە کۆنەکان دەکەن لەلایەن فەیلەسووفە پرۆفیشناڵەکان بایەخی هەبووە، کەواتە پراگماتیستەکان خۆیان لە قەرەی بابەتە ژوورهەست و ناتەواو و ڕێگەچارە کەلامییەکان نادەن و دەست لە بەڵگە پێشییانە خراپەکان و بنەما نەگۆڕ و دوگمەکان و سستمە داخراوەکان وەرنادەن.

جیمز باوەڕی بە شتێک بوو ناوی نابوو «بەهای نەخت(۱)»، یان بەرهەمی کردەکی گوزارەکان و فەلسەفەیەکە لەو شتانە بێبەر بووایە، ڕەتی دەکردەوە. بۆ ئەوەی شتێک واتادار بێت، باشترواید لەگەڵ ئەزموونی تاکەکەسی ئێمە پێوەندی هەبێت. بۆ ئەوەی باوەڕێک بەهای هەبێت، دەبێت جیاوازی کردەکی و بەرچاوی لە ژیانی ئێمە دانابێت.

پراگماتیزم... پرسیاری ئاسایی خۆی دەپرسێت. بۆ پەسەندکردنی ئەوەی کە باوەڕێک دروست بێت، دەبێت بزانین بەهاکەی چۆن جیاوازییەکی لە ژیانی کردەکی کەسێک ساز دەکات؟ ئەگەر ئەم باوەڕە هەڵە بووایە لە دەرەنجامەکانی کامە ئەزموون بەرهەم دەهات؟ بەکورتی بەهای نەختی ڕاستەقینە لە ئەزموونداً چەندەیە؟ ولیەم جیمز وتبووی؛ باوەڕەکان بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا دێت، کەواتە ئەوانە کاتێک دروستن لەگەڵ ئەزموونی خۆماندا پێوەندییان هەبێت. بۆنموونە ئەمڕۆکە بەکەمی کەسانێک لایەنگری لەوە دەکەن پانتۆڵی جین بۆ ژنان نابێت. ئێستاکە کەم کەس هەیە دژی گواڕە لە گوێکردنی پیاوان بێت. باوەڕە ئایینییەکانیش وەکوو باوەڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕدرێن. جیمز ڕۆڵی ئایینی لە بەختەوەری مرۆڤ بە چارەنووسساز لە قەڵەم دابوو و لای وابوو، کاتێک ئایینی کۆن کارکردی نامێنێت، باوەڕە نوێیەکان جێگەی دەگرنەوە. جیمز زیرەکانە ئاگای لەوە بوو، کۆمەڵگە بەئاسانی ناگۆڕدرێت، بەڵام باوەڕە کۆنەکان بەکارنایەن و ئێمە باوەڕی نوێ دەخوڵقێنین، بۆیە تاقیکردنەوەی پراگماتیزم

ئەوەیە، چی هەیە زۆرترین کارکردی هەبێت، هەروەها جیمز لای وابوو، کە ئێمە تەندروستی و دەرمان و سامان دەخولقێنین، پاستییە نوێیەکان و باوەڕە نوێیەکان دەخولقێنین. پاستەقینە پرۆسەیەکە ئێمە باوەڕەکانمانی تێدا دەخولقێنین لە کاتی ئەزموونداا، پووداوە تایبەتییەکان دروست لە ئاو دەرچن.

ئاگامەندی

فەلسەفەی ئاکاری جیمز بەشێک لە وەڵامەکانی ئەوە بۆ کێشەی زەین و تەنی دیکارت. دیکارت لایەنگری لە دوو جۆر جەوهەر دەکرد: زەین و ماتەر. ماتەر بەشێوەی میکانیکی پشت بە یاسا سروشتییەکان دەبەستێت و زەین سەربەستە. زەین و تەن کارلێکیان لەسەر یەکتر هەیە. دیکارت لای وابوو شوێنی ئەم کارلێکە لە لووی سەنەوبەری مێشکدایە. ئەم بۆچوونە لەلایەن فەیلەسووفەکانی تەرەوە ڕەت کرایەوە. جیمز ڕێگەچارەی لە کێشەی زەین و تەن لە ئاگامەندیدایە. جیاکردنەوەی زەین و تەن کاتێکە، زەین بە هۆشیار و تەن بە ناهۆشیار بزانین. لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، زەینی ئێمە لە تەنمان جیا نابێتەوە، چونکە یەک جەوهەر لە جیهاندا هەیە، هەموو شتێکی پێکهێناوە و ئەم جەوهەرەش ئاگامەندییە. جیمز لای وابوو، ئاگامەندی تەواوی بڕگەکانی ئەزموون لەپاڵ یەکتری دادەنێت و هیچ شتێک لە ئاگامەندی جیا ناکرێتەوە.

ئیختیار

ئیختیار هاوشێوەی هەر شتێکی تر پرۆسەی ئاگامەندییە. ئێمە لە هەڵبژاردنەکانماندا سەربەستین، ئەمەش ئاراستەی ژیانی ئێمە دەگۆڕێت، بەڵام بیری ناچاری (جەبر) لەسەر ئەو باوەڕەیە، هەر پووداوێک بەو چەشنەی کە ڕوو بدات، ڕوو دەدا. کاتێک ئێوە سێوێک دەخۆن سەربەست نین لەوەی کە گەدە، یان سییەکانتان هەرسی بکات. کۆمەڵێک یاسا هەن ڕێگە نادات ئێوە بڕیار بدەن، بەڵام جیمز لای وایە ئێمە لە یاسا سروشتییەکان پێک نەهاتووین و ویستی ئازادمان هەیە بڕیار بدەین بخوێن، یان نەخوێن. ئەگەر خاوەن بڕیار نەبین بەرپرسیارێتی ئاکار بێ واتا دەبێت، ئیدی هۆکارێک نابێت لە کوشتنی یەکتر پەشیمان ببینەوە. بیرکردنەوە، هیوا، پەشیمانی و کردارەکانی ئێمە پێمان دەڵێن خاوەنی ویستی سەربەستین. جیمز لای وابوو، ژیان بە بێ هەوڵ و تەقەللا و خەبات بێ کەڵکە. ڕوانگەی ئێمە بۆ ژیان دوو شێوازە؛ ژیانێکی بەدوور لە مەترسی هەڵدەبژێرین و سەرمان دادەخەین و دەژین. شێوازەکەی تر ژیانی پاڵەوانانەیە و بەرەوڕووی مەترسییەکان دەبینەوە.

جۆن دێوی

بەبۆچوونی توێژەران، کتێبی فرەچەشنی ئەزموونە ئایینییەکانی ولیەم جیمز، لە هەموو کتێبخانەیەکدا هەیە. کاریگەری لەناو خەڵکدا زۆر بووە. دێوی پراگماتیزمی لەبواری کۆمەڵایەتییەکاندا پەرە پێدابوو و لە بابەتەکانی وەکوو؛ پەروەردە، دیموکراسی، ئاکار، ئایین و هونەری دەکۆڵییەوە.

ژیانی دێوی

جۆن دێوی لە ساڵی (١٨٥٩-١٩٥٢) لە بێرلینگتۆن ڤۆرمانتی ئەمریکا لە دایک بوو. لە دوای وەرگرتنی دوکتۆرا، لە زانکۆی میشیگان فەلسەفەی دەوتەوە. ساڵی ١٨٩٤ بوو

بـە بەرپرسـی کۆلێجـی فەلسـەفە، دەروونزانـی و پـەروەردە لـە زانکـۆی شـیکاگۆ. لـەوێ هەلێکـی بـۆ ڕەخسـا بۆچوونەکانـی لـە ڕێگـەی ئەزموونـەوە تاقـی بکاتـەوە. دێـوی خوێندنگەیەکـی ئەزموونـی دامەزراند و باوک و دایکـی منداڵەکانـی هـان دا، ڕۆڵـی چالاکانـە لـە پـەروەردەی منداڵەکانیـان لـە ئەسـتۆ بگـرن. خوێندنگـە هێنـدە سـەرکەوتوو بـوو، تیـۆری پـەروەردەی دێـوی کـەوا پێداگـری لـە (فێرکاری کردەکـی) دەکرد، لە سەرتاسـەری وڵات پـەرەی سـەند. دێـوی بـەردەوام هۆگـری کاروبـارە کۆمەڵاتییـەکان بـوو. یەکێـک لـە ڕێکخەرانـی دامـەزراوەی زانکۆکانـی ئەمریـکا و دامـەزراوەی ئازادییـە مەدەنییەکانـی ئەمریـکا (ACLU) بـوو.

کەرەستەخوازی

ولیـەم جیمـز لای وابـوو، پراگماتیـزم میتۆدێکـە بـۆ ئـەوەی خەڵکـی بەیارمەتـی ئـەوە خـۆی لـە ناکۆکییـەکان ڕزگار بـکات، کەواتـە باشـترواید بەپێـی ئـەم هەسـتە بجوولێینـەوە. دێـوی هاوشـێوەی جیمـز هۆگـری (کێشـە کردەکییـەکان) بـوو، بـەڵام بەپێچەوانـەی جیمـز، هۆگـری کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان بـوو، نـەک ئەزموونـە ئایینـی و دەروونییـەکان. دێـوی لای وابـوو، بەفەرمـی ناسـاندنی ژینگـەی کۆمەڵایەتـی و سروشـتی بـۆ ئێمـە پێویسـتە. دێـوی ڕەخنـەی لـە ئەزموونخـوازەکان دەگـرت، لایـان وابـوو بـاوەڕ و وێناکانـی ئیمـە بـۆ کۆمەڵێـک شـتی نەگـۆڕ لـە سروشـتدا دەگەڕێتـەوە، هەروەهـا ڕەخنـەی لـە ئەقڵخوازەکانـی وەکـوو دیـکارت دەگـرت، سروشـت و زەینییـەکان بـە دوو شـتی جیـاواز لـە یەکتـری دانابـوو. دێـوی، بۆچوونـی خـۆی لەبـارەی پراگماتیـزم بـە «کەرەسـتەخوازی (٢)»، یـان (تاقیکردنەوەخـوازی) ناودێـر کردبـوو. دێـوی لەگـەڵ تیـۆری پەرەسـەندنی داروین کـۆک بـوو و مرۆڤـی وەکـوو بوونەوەرێکـی بایۆلۆجیکـی چـاو لێ دەکـرد. بەپێـی بنەمـای پەرەسـەندنی زیندەزانـی دێـوی لای وابـوو، مـرۆڤ لـە لایەنـی ئـاکارەوە پەرەدەسـێنێت، ئەمـەش کۆمەڵگەیەکـی باشـتر لـە ڕێگـەی چاکسـازی پـەروەردە دەخولقێنێـت. دێـوی لای وابـوو فەلسـەفەی تاقیکردنەوەخوازییەکـەی پردێـک لەنێـوان زانسـت و ئاکار دەبەسـتێت. دێوی دەیـوت (ئێمـە دەبێـت خاوەنـی زانسـتی زانینـی زانسـتییانە بیـن و بـە کـردار بیسـەلمێنین. دێـوی بۆچوونـی وابـوو، کلیلـی بەدیهێنانـی کۆمەڵگـەی باشـتر ڕێکخسـتنی ژینگـەی کۆمەڵایەتییمـان بـە تایبەتـی، بـواری پـەروردە لـە ڕێگـەی تاقیکردنـەوەی کردەکییانەیـە.

سروشتی مرۆڤ و خووەکانی

دێـوی لای وابـوو بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگەیـەک ڕێـک بخەینـەوە، پێویسـتمان بـە تێگەیشـتن لـە سروشـتی مرۆڤـە. دێـوی مرۆڤـی وەکـوو کەسـێک چـاو لـێ دەکـرد خاوەنـی پاڵنـەرە سروشـتییەکانە لـە دۆخـە کۆمەڵایەتییـە جۆربەجۆرەکانـدا جیـاوازن. ئەگـەری هەیـە پاڵنەرەکـە تەقینەوەیـی بێـت، یـان نەبێـت، بـەڵام پاڵنـەر هەرچـی بێـت، ئەگـەر هەمـوو جارێـک وەک خـۆی دەرکەوێـت ئـەو کاتـە بـۆ خـوو دەگۆڕدرێـت. دێـوی دوو جـۆر خـووی لـە یەکتـر جیاکردبـووەوە: زیرەکانـە و ڕواڵـەت. زیرەکـی خووەکـە ئاسـتی بەرزتـرە، چونکـە لەڕێگـەی بەکارهێنانـی زیرەکییـەوە بیـر دەکەینـەوە و چاکسـازی لـە ژینگـەی خۆمانـدا جێبەجـێ بکەیـن. دێـوی لای وابـوو، بەشـی زۆری بیرکردنەوەکانـی ئێمـە بـەدوور لـە وردبینییـە و بـە دوور لـە تێڕامانـە. زۆربـەی ئێمـە ئاگامـان لـە پێوەندییەکـە نییـە کـە لـە نێـوان پاڵنـەر و

خووەکانی ئێمەدا هەیە.

گرنگی پەروەردە

بەپێی باوەڕی دێوی، پەروەردە تاکە ڕێگەیە کۆمەڵگە سەرلەنوێ پێک بهێنینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی هەڵسەی پەروەردە، زۆرجار لەسەر بنەمای تێگەیشتنی هەڵە لە سروشتی مرۆڤەوە بناغەی بۆ دانراوە. منداڵەکان لە تەمەنی خوارەوە فێر دەکرێن چۆن لە (شۆکی ناکۆکی تیۆرییە ناخۆشەکان) خۆیان دوور بخەنەوە و بە پشتبەستن بە دابونەریتی کۆمەڵگە، ڕێگەیەکی سادە بۆ دەربازبوون لە گرفتەکان بدۆزنەوە.

((لەمنداڵییەوە کۆمەڵە زەینییەکان بەبێ تێڕامانی وردبینانە پێک دەهێنرێن و ئەم کۆمەڵانە دەمێننەوە و زەینی پێگەیشتوو قۆرغ دەکەن. منداڵ فێر دەکرێت لە شۆکە نەیارە ناخۆشەکان دوور بکەوێتەوە و ڕێگەی دەربازبوونی ئاسان بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دابونەریتەکە وادیارە بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی خۆی بە گشتی نامۆیە، واتە دەرخستنی هەندێک لە پاڵنەرە سروشتییەکان بە بێ هەڵوێستی نەرێنی کەسانی خاوەن حەزی زاڵە. گەورەکان باوەڕیان بە ئاستی هۆشیاری منداڵەکان نییە، بەڵام لە لایەکی ترەوە داوای هەڵسوکەوتێک دەکەن پێویستی بە هۆشیاری زیاتر هەیە. نەگونجانی هەندێک لە خووە (ئەخلاقییەکان) لە ڕێگەی دەربڕینی هەستیاری و شارەزاییە بەهێزەکانی هەڵسوکەوت کەوا کەمترین پلە لە تێگەیشتنی دوو لایەنەی تێدایە سەری لێ دەنێنەوە. ئەم دابونەریتانە بیرکردنەوەی خۆهۆشیارانەی دواتر دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. ئەوان ڕێک لە شوێنێکە پێویستی زیاتریان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەیە، واتە بواری ئاکار، ئاییین و سیاسەت قوواڵترین و دەستەبەرنەکراوترین شێواز بە خۆیانەوە دەگرن)). دێوی لای وابوو، ئەگەر منداڵەکان فێری ئەوە بکرێن خۆیان لە قەرەی مشتومڕی ڕەخنەگرانە لەبارەی (ئاکار، ئاییین و سیاسەت) نەدەن، لە توانایی بیرکردنەوەی ئەقڵانی بێبەری دەکەن. شێوازی دێوی، تاقیکردنەوەی تەواوی باوەڕەکان لە (تاقیگەی پەروەردە) بوو و خوێندکار فێر دەکرا لە باوەڕە جۆربەجۆرەکانی خۆی بکۆڵێتەوە و دەرەنجامەکانی هەڵسەنگێنێت. خوێندکار فێر دەکرا لە خووە خراپەکان دوورەپەرێزی بکات.

پەراوێز:

(1) cash-value

(2) instrumentalism

سەرچاوە:

Understanding philosophy, by Joan A. Price, 2003, Chelsea house, p 15, 21, 43, 62.